بۆکان لە مێژوودا (236) ئەنوەر سوڵتانی

"افسانه نفوذ" - کنکاشی در تاریخ فدائی

لە ئاڵقەی پێشوودا باسی کتێبێکم کرد کە دەزگا ئیتیلاعاتی و جاسووسییەکانی کۆماری ئیسلامی سەبارەت بە مێژووی ڕێکخراوەی چریکە فیدائیەکانی گەلی ئێرانیان پێک هێناوە و بۆ بەدناو کردنی ڕیکخراوەکە لەبەر چاوی خەڵک و بە تایبەت لاوانی کەم ئەزموون، بڵاویان کردۆتەوە.

زوربەی زۆری هەواڵەکانی ناو ئەو کتێبە ساختە و شایانی وەڵام دانەوە و بەدرۆ خستنەوەن؛ خۆشحاڵم کە باڵە جیاجیاکانی بزووتنەوەی فیدایی بەم ئەرکە پێویستە هەستاون و لە کۆتایی ئەم لاپەڕەیەدا لیستەی ئەو ووتارانە دەهێنم کە خەڵکانی پەیوەندیدار بە مەسەلەکە نووسیویانن و لە ڕوانگەی خۆیانەوە بابەتەکانیان بە درۆ خستۆتەوە. یەک لە ووتارەکان خاتوو فاتمە سەعیدی دایکی ئەرژەنگ و ناسری شایگان – ئەو دوو منداڵە نووسیویەتی کە کتێبەکەی مەحموود نادری دەڵێ گوایە حەمید ئەشرەف لە کاتی هەڵاتندا بۆ ئەوەی نەکەونە دەست ساواک و زانیارییان لێ وەرنەگیرێت، بە گوللە کوشتوونی! ئەو دایکە قارەمانە کە ئێستا بە سەری پیری و بە دڵشکاوی لە دەرەوەی ووڵات دەژی، قسەی هەڵبەستراوی ساواک و ساواما بە درۆ دەخاتەوە و ڕێز و ئیحتیرامی خۆی ئاراستەی حەمید ئەشرەف و فیداییەکانی تر دەکات.

جگە لەوانەی ناو لیستەی خوارەوە، کەسێکیتریش لەم بوارەدا هەنگاوی هەڵێناوەتەوە و وەڵامی نووسەری کتێبەکەی داوەتەوە، ئەویش "ئەلف. جیلۆ" یە، کە خۆی یەک لە چالاکانی سەرەکی و بەڕێوەبەرانی ڕێکخراوەکە لە سەردەمی شۆڕشی 1357 و دوای ئەو بووە.

جیلۆ، کە دوای شۆڕش بۆ ماوەیەکی باش لە کوردستاندا هەڵسووڕاویی نواندووە، ئێستا کتێبێکی ئەلیکترۆنی لە سەر ماڵپەڕی فارسی 'ایران گلۆباڵ' بڵاو کردۆتەوە و تێیدا بە تایبەت لایەنێکی تۆمەت و تاوانەکانی کتێبی مەحموود نادری و ساوامای کۆماری ئیسلامی خستۆتە بەر لێکۆڵینەوە و وەڵامدانەوە، ئەویش ئەو خاڵەیە کە لە کتێبەکە ساختەکەدا جەختی زۆری لەسەر کراوە و گوتراوە گوایە ساواکی ڕژێمی شا توانیبووی جاسووسانی خۆی بخزێنێتە ناو ڕێکخراوەی چریکەفیداییەکانەوە و لەم ڕێگەیەوە گەلێک لە هەڵسووڕاوانی گرتبوو یا شەهیدی کردبوون. "جیلۆ" سەرجەم بەم بابەتەوە خەریک بووە و بە بۆچوونی من توانیویەتی وەڵامی بەڕێ و جێ بە تۆمەتەکان بداتەوە.


هۆی ئاماژەکردنی من بەم کتێبە و ووتارەکانی ناو 'کار ئۆن لاین' لەم زنجیرە ووتارەدا، ئەو ڕاستییەیە کە ڕێکخراوەی فیدائیان دوای شۆڕشی 1357 لە شارەکانی کوردستان و یەک لەوان لە بۆکان گەلێکی هەڵسووڕاوی نواند و بۆ نووسینەوەی مێژووی ئەو چالاکییانە بێگومان پێویست بە گەڕانەوە دواوە و زانینی مێژووی ساڵانی پێش شۆڕشیش دەبێت. ئەم نووسراوانەش دەتوانن ڕوونکەرەوەی گەلێک لایەنی کاری ڕێکخراوەکە بن کە مەحموود نادری و مامۆستاکانی بە دەستەقەسد شێواندوویانە.

1. بۆ سەرجەمی ووتارەکان بڕوانە ئەم سەرچاوەیە، واتە ڕۆژنامەی ئەلێکترۆنی 'کار ئۆن لاین':
http://www.kar-online.com/ketab/ketab.html

ئەوەش لیستەی ووتارەکان:

درباره کتاب
چریکهای فدائی خلق

بیانیه مشترک دو سازمان اتحاد فدائیان خلق ایران و فدائیان خلق ایران (اکثریت)
**پیرامون کتاب "چریک‌های فدایی خلق"**



فرخ نگهدار
**در باره کتاب "چریک‌های فدایی خلق"**

فاطمه سعیدی (مادر شایگان)
**برای فرزندان من اشک تمساح نریزید!**

اعلامیه چریک‌های فدائی خلق ایران
**در افشای تاریخ‌نویسی جلادان علیه چریک‌های فدائی خلق**

سازمان چریک‌های فدایی خلق ایران
**تلاش‌های مذبوحانه وزارت اطلاعات**

سازمان فدائیان (اقلیت)
**در باره تاریخ‌نویسی به شیوه وزارت اطلاعات جمهوری اسلامی**

2. کتێبی "ا. جیلۆ"ش لەم ماڵپەڕەدا بڵاو کراوەتەوە:"ایران گلۆباڵ"، ئەوەش ئەدرەسەکەیەتی:
http://www.iranglobal.info/I-G.php?mid=2-56917
تایبەتمەندیی کتێبەکە:
ا. جیلۆ، *"افسانه نفوذ" - کنکاشی در تاریخ فدائی"* ، چاپ الکترۆنی، سال 2010، فارسی